**نارەزایەتی یەکانی خویندکاران وهەلویستی حیزبە ناسیۆنالیستە دەسەلاتدارەکان ... ئازاد ئەحمد**

ناوەراستی مانگی 11-2005، زانکۆ و پەیمانگاکان و قوتابخانەکانی کوردستان خۆپیشاندانی سەدان و هەزاران کەسی خویندکارانیان بە خۆوە بینی. ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتیانە لە پیناو بەدی هینانی خواستە فەوری و دەست بە جیکانی خوینداکاران لە دابین کردنی کارەبا و ئاو و........ هتد بووە.

لە سەرەتادا پیم وایە پیش ئەوەی باسی ئەوە بکریت کە ئلسۆی ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستان چیە و بۆ کوێ دەروات و........ هتد، دەمەویت باسی هەلویستی هەردوو حیزبی دەسەلات دار و دەزگای راگەیاندنیان بکەم لە پەیوەند بەم نارەزایەتیانەی خویندکاران وشیوازی دەربرینی نارەزایەتیەکان و........ هتد.

لە کۆمەلگای کوردستاندا کە حیزبە قەومیە کان و فەرهەنگی دواکەوتووی ناسیۆنالیزمی کوردو ئاینی ئیسلام حاکمە، هەر ئیعتیراز ونارەزایەتیەك کە بۆ حەیاتی ترین شت لە ژیانی ئینسانەکاندا دەردەبردیت، ئەوا بە شیوەیەکی ئۆتۆماتیکی تۆمەتیکی بۆ حازر دەکریت و دەدریتە پال ئەو خەلکە یان تویژە یان کۆمەلە کەسەوە کە هەستاون بە داواکردنی خواستە رەواکانیان. ئەم شتە مەرامی سیاسی لە پشتە وفلان حیزبە دەیەویت هەلەکە بەم بۆنەیەوە بقۆزیتەوە وئاژاوە گیرن و چی چی، تۆمەتە سواوەکانی حیزبە دەسەلاتدارەکانن لە پیناو سەرکوت و کپ کردنەوەی دەنگە وە دەنگ هاتووەکاندا.

یەکیتی و پارتی نایانەویت نارەزایەتی دەربرین هەبیت و ئەوەندەی بۆیان بکریت بە هەلخەلەتاندن و بیانووی وەکو حکومەتکەمان ساوایە و وەزع ناسکە وهەر چۆنی بیت لە سەردەمی بەعس باشترە و چی چی، دەیانەویت دەنگی نارەزایەتی خەلك کپ بکەنەوە، ئەگەر ئەمە دادی نەدان – کە ماوەیەکی زۆرە ئیتر کەس گوی بەم بەیت و بالۆرەیە نادات- و خەلك داوای حەقی زەوتکراوی دەکات، بە سەرکوت و تەقەکردن لە خۆپیشاندان و تۆمەت بۆ دروست کردن وئەم شتانە دەیانەویت کە لە بەرچاوی کۆمەلگاو دەرەوە، لە ئیعتیباریان بهیننە خوارەوە وبەم شیوەیە ریگایەك بدۆزنەوە بۆ سەرکوت یان کپ کردنەوەی دەنگە وە دەنگ هاتووەکان. لە چەند مانگی رابردوودا لە کوردستان شاهیدی زۆریك لەم موشاهەداتانە بووین لە رانیەوکەلار و زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان.

ئەو بزووتنەوە خویندکاریەی کە ئەمرۆ لە کوردستان دەستی پی کردووە وداوای مافە زەوت کراوەکانی دەکاتەوە و ئەو حەرەکەیەی کە لاوان لە کوردستان بە ریژەیەکی بەرچاو و بەدەر لە تەوەقوعی زۆریك کەس بەرامبەر بە دەستوورە فاشی و قەومی و کۆنەپەرستەکەیان نیشانیاندا وحازر نەبوون مۆری تەئیدی لی بدەن، ناتوانریت بە هیچ شیوەیەك و بە هیچ بیانوویەك وبە هیچ تۆمەتیك، لەکەدار بکریت.

لاوان و جیلی تازەی ئەم وولاتە دەیانەویت کە ژیانیکی مۆدیرن و خۆش و ئینسانانە بژین. دەیانەویت ئەو پارەیەی کە دەیان سالە بۆ گوللە وچەك و کوشتن سەرف کراوە، ئیتر بەس بیت و بۆ ژیان و رەفاهیەت وئاوو کارەبا و زانست و تەکنەلۆجیا و........ هتد، سەرف بکریت. ئەمە پەیامیکی رۆشن وبێ گەرد و بێ خەوشە ودەنگی سەدان هەزار ئینسانی ئەم کۆمەلگایەیە، لاوان و خویندکارانی کوردستان لە بەردەم تەجروبە ولیپرسراویتیەکی

میژوویی گەورەدان و دەبێ بە دەوری خۆیان هەلسن، ئەمە ریك ئەو دەورەیە کە لە سالانی حەفتاکان و هەشتاکاندا، لاوان وخویندکاران ئەم دەورەیان یاری دەکرد.
دەمەویت بە کورتیش بووە باسی شکل و شیوازی دەربرینی نارەزایەتیەکانی خویندکاران و لاوان بکەم. بە بروای من خۆپیشاندانی شەوانە و رۆژانە لە شارەکان وزانکۆ و پەیمانگاکان وباقی شوینەکان، نەك هەر بریتی نیە لە نیشانەیەك بۆ نارۆشنبیر بوون وهەر شتیکی تر کە راگەیاندنی حیزبە دەسەلاتدارەکان دەیانەویت ناوی لی بنین، بەلکو بە پیچەوانە پیم وایە نیشانەی مۆدیرن بوون و ئاستیکی بەرزە لە ووشیاری. کەس ناتوانیت من بەوە رازی بکات وەختیك کەسانیك ئاوو کارەبا و پیداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانیان نیە ودەستوور و قانوونیك بە سەریاندا فەرز دەکریت کە تەواو پیچەوانەی خەون و خولیاکانیانە، دین وبیزاری خۆیان دەردەبرن و دەیانەویت فشار بخەنە سەر دەسەلات وحاکمانی شار بۆ گۆرینی ئاراستەی ژیانیان بە باریکی باشتر و ئینسانی تردا، بیت و بەمە بلیت ئاژاوە گیری یان دواکەوتوویی یان هەر شتیکی تری لەم بابەتە.
دەسەلاتە خۆ بە ئازادی خواز زانەکەی لای خۆمان تەحەمولی بچوکترین وکەمترین دەریچەی ئازادی را دەربرین ناکات، ئەمە سیفەتە بنچینەییەکەی دەسەلاتە لە کوردستان، دەبێ باش بناسریت و سەپاندنی ئازادی وبەدی هینانی مافەکان، ریگایەکی پر لە هەوراز و نشیوە بەلام ممکنە.
لاوان وخویندکارانی کوردستان دەبیت هەلگری ئەم مەشخەلە بن وپەرچەمی ئازادی خوازی ویەکسانی خوازی، پیویستی بەوەیە کە بە دەست ئەم جیلە سەرکیشە شۆرشگیرەوە بیت.

ئازاد احمد
2005-11-26
Azadahmed71@yahoo. com